# دەست بەجێ ئازادی بۆ ڕێبین تەها، ڕۆژنامەس و ڕابەری خۆپیشاندانەکەی کەلار !

ڕبیین تەها ڕۆژنامەس و سەرنوسەری بلاوکراوەی تەنز ئامیزی "نەعلەشۆ" سەرلەبەیانی 2006/1/29 لە لایەن پۆلیسی کەلارەوەو بەئەمری داداگا 10 رۆژ زیندانی دەکرێت، بەتۆمەتی ئەوەی کە تەشهیری کردوەو لەلایەن هەریەك لە سەلام عەلی سەرۆکی شارەوانی کەلارو مەجدی صالح لیبرسراوی ڕاگەیاندنی مەلبەندی گەرمیانی یەکێتی نیشتمانی‌یەوە شکاتی لێدەکرێت. بەلاّم ڕیبین تەهای لاو تەنها ڕۆژنامەس و سەرنوسەری بلاوکراوەی "نەعلەشۆ" نیە، ئەو ڕابەرێکی بەرچاوو لەپێشەوەی خۆپیشاندانەکانی کەلاردا شێلگیرانە وەستابوو، وە ئەندامیکی کارای دەستەی بەمەدەنی کردنی کەلارو رزگارییە، کە ڕابەرو ڕیکخەری خۆپیشاندانەکەی کەلار بوو.

دەسەلاتی کوردی ئەمرۆ دەرگیری ئەزمەیەکی قوڵی نیوان پڕوپاگەندەکانی خۆیەتی لەمەڕ دیموکراسی و ئازادی‌و ئازادی بێسنور و ئازادی بیرو را یە لەگەڵ بە پرایتك دەرهێنانی پڕوپاگەندەکانی خۆیدا. لەلایەك رۆژانە لە تەلەفیزیون‌و کەناڵە ئاسمانی‌و ڕادیۆو ڕۆژنامەکانەوە سەرکردایەتی یەکیتی‌و پارتی باسی "ئازادی" دەکەن لە لایەکی دیکەوەو لەمەیدانی عەمەلیدا بەکردەوە ئازادی خەڵك‌و بیروڕأی ئازادو خۆپیشاندانەکان ڕوبەرووی سەرکوت دەبنەوەو دەنگە ئازادەکاینش ڕوبەڕووی هەڕەشەو فتوا یان زیندانیکردن. ئەمە باری ڕاستەقینەی " ئازادی"یەکی ڕوکەش‌و سەرزارەکی‌یە کە سەرکردایەتی کورد دەرگیرە لەگەڵیدا. لەگاتیکداباسی ئازادی دەکات، کەچی بە یاساکانی عقوباتی بەعس مامەڵە لەگەل ئازادی دا دەکات. ئەم بارە پێویستە لە ڕیگای یاساو بە یاسایی کردنی ئازادییە سیاسیەکانەوە، لە ئازادی نوسین‌و ڕەخنەو بیرو ڕاو خۆپیشاندان‌و مانگرتنەوە... چارەسەر بکرێت‌و سنوری نێوان ئازادی‌و سەرکوت بەشێوەیەکی رۆشن لەم ڕیگایەوە دیاریبکریت. تا سەلماندنی یاسایی ئازادی سیاسی بێقەیدو شەرت، لە لایەن سەرکردایەتی یەکێتی‌و پارتیەوە، هەر باس‌و پڕوپاگەندەیەك لەسەر "ئازادی" جگە لە باق‌و بریق‌و ڕازانەوەی رۆژنامەکان‌و چەواشەکردنی رەئی گشتی شتێکی دیکە نیەو لە هەمانکاتیشدا خەباتی جەماوەری خەڵکی کوردستان لە پیناو بەدەستهێنان‌و دابینکردنی ئازادی سیاسی بێقەیدو شەرتدا درێژەی دەبێت.

ئێمە، زیندانیکردنی ریبێن تەها ڕابەری خۆپیشاندانەکانی کەلار، لەسەر نوسینی چەند تەنزێك بە توندی ئیدانە دەکەین، ڕیبین تەها نابیت بۆیەك کاتژمێریش زیندانی بکریت‌و پێویستە بەفەوری ئازاد بکرێت‌و دوای لێبوردنی لێبکرێت. سەرجەم ئازادیخوازان‌و ئینسان دۆست‌و عەلمانی‌و پێشکەوتنخوازان پێویستیان بەوەیە کە بێدریغ دیفاع لە ئازادی سیاسی بکەن‌و بەفەوری داوای ئازادکردنی ڕبین تەها بکەن.

**ڕێکخراوی کوردستان**

**حزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عێراق**

2006/1/31